# مەترسیەکانی ململانێ نێوان تورکیا و ئێران بۆ سەر کورد

ماوەیەکە وڵاتی تورکیا هەوڵ بۆ گەرانەوەی رۆڵی کۆنی خۆی دەدات لە ناوچەکە، کە لەگەڵ هەندێ گۆرانکاری سیاسی و سەربازی جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەراست رووی لە دەستی دابوو. هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤێت، شەری کەنداوی دوو، بەرپابوون و گەشەکردنی هێزە ئیسلامێکان لە تورکیا، پەلاماردانە تیروریستێکەی 11 سێپتەمبەر و هەڵوێستی دەسەلاتدارانی تورکیا بۆ رووخانی بەعس، گۆرانکاریە سیاسێکانی ناو عیراق کە ئێران رۆڵێکی گرنگی تیادەبینێت وە پاشان لە هەمووی گرنگتر شەری ئەم دوایەیی نێوان ئیسرائیل و (حزب الله) کە ئێران لایەنێکی گرنگی ئەو شەرە بوو، ئەمانە هەر هەموویان کاریگەری تەواویان لەسەر کەمبوونەوەو سنووردارکردنی رۆڵی تورکیا هەبوو لە ناوچەکە. هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت نەک تەنها رۆڵی تورکیای لە ناوچەکە کەم کردەوە، بەڵکو وڵاتانی ناتۆی هاوپەیمانی کۆنی ئەمریکاشی کردە دوو بەرەی جیاوازەوە کە هەندێکیان بە تەواوەتی بوونە هاوپەیمانی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە جیهان وە هەندێکی تریان کاریان بۆ پێکهێنانی هێزێکی ئەورووپی تازەی جیاواز دەکرد بۆ ئەوەی بتوانێت بەرژەوەندێکانیان بپارێزێت. ئەم وڵاتانە هەڵوەشانی سۆڤێت و نەمانی کۆمەنیسمیان لە ئەوروپا بە هەلێکی باش زانی بۆ راکێشانی وڵاتانی کۆمەنیستی کۆنی ئەوروپا بۆ ناو ئەم بەرەیە بۆ ئەوەی لە پاشەرۆژ روسیاش بگرێتەوە.

درووستکردنی هێزێکی سیاسی و ئابووری گەورە لە ئەوروپا وە هەوڵەکانی فەرەنسا و هەندێ وڵاتانی تری هاوپەیمانی بۆ پێکهینانی هێزێکی سەربازی ئەورووپی کە بتوانێت لە هەندێ لە قەیرانە سیاسێکانی جیهان بەشداری بکات نارەزای و گومانی زۆری لای هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپا بەرپاکرد، بە تایبەت ئەوانەی کە زیانێکی زۆریان لە جەنگی جیهانی دووەم تووش بوو. ئەم وڵاتانە بوونی هێزێکی سەربازی ئەورووپیان وەک مەترسی دەبینی بۆ ئاسایش و ئارامی ئەورووپای پاش جەنگی جیهانی دووەم. وڵاتی ئینگلیز کە زلهێزێکی جیهانی گەورە بوو لە رابردوو، بە هیچ جۆرێک ئامادە نیە هاوپەیمانێتی ستراتیژی خۆی لەگەل ئەمریکا بکاتە قوربانی درووستبوونی هیزێکی ئەورووپی کە لەوانەیە لە دوارۆژ کێشەی زۆری لەگەڵ ئەمریکا هەبێت و دژایەتی بەرژەوەندێکانی خودی ئینگلیزیش بکات لە جیهان.

شەری بەلقان دەکرێت وەک شکستێکی تەواوی هەوڵەکانی ئەرووپا دابنرێت بۆ دامەزراندنی ئەو هێزە سوپا ئەورووپیە. ناکۆکی نێوان وڵاتانی ئەوروپا سەبارەت بە چۆنێتی چارەسەرکردنی شەری یوگسلافیا وهەڵوێستی جیاوازی هەریەک لە وڵاتانی ئەوروپا بەرامبەر ئەو شەرە بیرۆکەی دامەزراندنی سوپایێکی لەو جۆرەی زندەچاڵ کرد، بۆیە چارەسەرکردن و ئاگربەستی شەرەکەی بەڵقان خرایە ئەستۆی تاکە زلهێزی جیهان کە ئەمریکایە.. شەری بەڵقان(یوگسلافیای کۆن) بەڵگەیێکی تەواو بوو بۆ جیهان کە تەنها هێزێک کە بتوانێت لە ماوەیێکی کورت چارەسەری ئەو جۆرە قەیرانانە بکات ئەمریکایە. هەڵوەشانەوەی دنیای کۆمەنیست و ئەو گۆرانکاریە سیاسی و ئابووریانەی کە لە زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانە هاتە پێشەوە، ترس و ئەزموونی تاڵی زۆربەی ئەم وڵاتانە لە گەڵ روسیا زۆربەیانی ناچارکرد بچنە ژێر باڵی سیاسەتەکانی ئەمریکاو جۆرەها رێکەوتنامەی سەربازی، ئابوری وە سیاسی لەگەڵ مۆربکەن.

ئەم گۆرانکاریانە هەرهەمووی کاریگەری تەواوی لەسەر رۆڵی رابردووی تورکیا هەبوو لە ناوچەکە، چونکە هەموو وڵاتانی هاوپەیمانی تازەی ئەمریکا لە ئەوروپای رۆژهەڵات لە رووی کلتوری و ئاینیەوە زیاتر لە ئەمریکاوە نزیکن کە ئەمەش بە پێچەوانەی تورکیایە کە وڵاتێکی ئیسلامیە و بزووتنەوە ئیسلامێکانی دژ بە ئەمریکا لە پەرەسەندان تیای پاش نەمان و هەڵوەشانەوەی دنیای کۆمەنیست وڵاتانی وەک پۆڵۆنیا، بەڵتیک، ئۆکرانیا، هەنگاریا، رۆمانیا، بولغاریا، جۆرجیا، ئازربایجان وە زۆر لە وڵاتانی کۆمەنیستی کۆنی ئاسیای ناوەراست لە ریز وەستاون بۆ بوون بە ئەندام لە هاوپەیمانێتی ناتۆ یان لە دامەزراندنی پایگای هاوبەش لەگەڵ ئەمریکا. ئەم گۆرانکاریە سیاسیانەی دنیای کۆمەنیست رۆڵی تورکیای لە ناوجەکە زیاتر کەم کردووە کە پێویستێکی زۆریان بۆ هاوکاری ئابووری ئەمریکاو هاوپەیمانانین

بێجگە لەو هەموو هۆیانە تورکیا  ساڵ نیە لە لایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە ریسوا نەکرێت سەبارەت بە مامەلەکردنی لەگەڵ کورد و پێشێلکردنی مافەکانی مروڤ و ئەو دەسەلاتە بێسنووریەی سوپا هەیەتی لە هەموو بڕیارێکی ناو وڵات. تورکیا بە هۆی هەوڵدانی بۆ بەئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا کەوتۆتە ژێر فشارێکی گەورەی سیاسی کە ناتوانێت وا بەئاسانی هەموو ئەو مەرجانەی ئەندامێتیە هەزم بکات. بێجگە لە سوپا هەندێ هێزی سیاسی توندرەوی ناسیونالەستی هەن لە تورکیا کە ئەندامێتی وڵاتەکەیان بە سەرەتای دابەشبوونی وڵاتی تورکیا ناودەبەن. هەوڵی ئەمریکا بۆ گۆڕانکاری سیاسی گەورە لە عیراق یەکێ بوو لە کێشە هەرە گەورەکانی تری نێوان تورکیاو ئەمریکا، تورکیا بە چاوێکی گومان و مەترسیەوە تەماشای هەموو ئەو هەوڵانەی ئەمریکای دەکرد، وە زۆرجار ئەم وڵاتەی بەوە تاوانبار کردوە کە نەخشەو بەرنامەیەکی شاراوەی بۆ ناوچەکە هەیە کە ئەنجامەکەی سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی کوردیە بە دواوەیە.

شەری کوێت و درووست بوونی ناوچەیەکی ئارام بۆ کورد لە باشور گومان و ترسەکانی تورکیای زیاتر کرد بەرامبەر ئەمریکا، دەسەڵاتدارانی تورک زۆرجار نارەزایی خۆیان بەرامبەر ئەو سیاسەتەی ئەمریکا دەربری کە گوایە دەبێتە هۆی گۆرینی نەخشەی ناوچەکە کە لەوانەیە لە دوارۆژ تورکیاش بگرێتەوە. ئەم مەترسیانە زۆرجار لە زاری (سلیمان دیمرل) وە دەبیسترا کە بەرنامەیەکی لەو جۆرە بەدەست ئەمریکاو رۆژئاواوەیە بۆ درووستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکە کە تورکیاش دەگرێتەوە. کارە تیروریستێکەی 11 سیپتێمبەر و بریاری ئیدارەی ئەمریکی بۆ روخانی رژێمی بەعس دەکرێت بە گەورەترین کێشەی نێوان تورکیاو ئەمریکا لەقەڵەم بدرێت، کاتێ پەرلەمانی تورکی رێگای بە هێزەکانی ئەمریکا نەدا بۆ پەلاماردانی عیراق لەم خاکی ئەم وڵاتەوە. ئەم بریارەی تورکیا هەڵوێست و ستراتیجیەتی ئەمریکای بەرامبەر تورکیا بە تەواوەتی گۆری، وە زۆرجار لێپرسراوانی ئەمریکا وڵاتی تورکیای ئەندام ناتۆیان بە دۆستێکی باوەرپێنەکراو ناو دەبرد و بەوە تاوانباریان دەکرد کە هەموو ئەو هاوکاریە ئابوری، سیاسی وە سەربازیانەی پێشکەش ئەم وڵاتەیان کردبوو لە رابردوو نەدەبوو هەڵوێستێکی لەو جۆرە وەربگرێت کە رێگا بە هێزەکانی ئەمریکا نەدات بۆ رووخانی بەعس.

ئەم برِیارەی تورکیا و هەڵوێستی عەرەبستانی سعودی کە دژی رووخانی بەعس بوو ئەمریکای ناچارکرد پەنابەرێتە  بەر ئێران کە پەیوەندی و کاریگەری زۆری لەسەر هێزە سیاسێکانی ئیسلامی شیعەی عیراق هەبوو کە بەشێکی ئەو هێزە بوون بۆ رووخانی بەعس. دیارە ئەو هاوکاریەی ئێران بۆ ئەمریکا کە ئەنجامەکەی روخانی بەعسی بەدواوە بوو زەمینەیەکی پێشووتری هەبوو کاتێ دەسەڵاتادارانی ئێران رەزامەندی خۆیان بۆ رووخانی رژێمی (طالبان) دەربری کە دەستی لە کارە تیروریستێکەی 11 سیپتێمبەر هەبوو. ئەم هاوکاری و هەڵوێستە تازەیەی ئێران بۆ رووخانی رژێمی بەعس و (طالبان)، رۆڵی ئەم وڵاتەی لە عیراق و ناوچەکە زیاتر کرد. ئێران بێجگە لە عیراق و ئەفغانستان رۆڵێکی گەورە لە لوبنان، سوریا وە فەلسەتین دەگێرێت کە هەر هەموویان کێشەی سەرەکیین بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا لەناوچەکە.

دەکرێت بۆترێ کە تێکچونی پەیوەندیکانی نێوان تورکیاو ئەمریکا لە لایک وە نارەزایی عەرەبستانی سعودی بۆ رووخانی بەعس لە لایکی ترەوە رۆڵی ئەم دوو وڵاتەی لەناوچەکە زۆر کەمتر کرد، کە ئەمەش رێگاخۆشکەر بوو بۆ ئێران کە زیرەکانە ئەو بۆشایە پر بکاتەوە لە ناوچەکەو ببێتە ئەڵترنەتیڤێکی باش بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کە لە رابردوو بە زلهێزی ناوچەکە ناودەبران و بە هاوپەیمانی ئەمریکا دەناسران. دیارە ئێران هەموو ئەو گۆرانکاریە سیاسیانەی ناوچەکەی زۆر بە جوانی تاوتێکردبوو، لەهەمان کات خەریکی بەهێزکردنی خۆی بوو لە رووی سەربازیەوە بۆ هەموو گۆرانکاری و هەرشەکانی سەری. وڵاتی ئێران بێجگە لەو هێزەی لە عیراق، ئەفغانستان پەیدا کرد کاری بۆ بەهێزکردنی هاوپەیمانانی تری دەکرد لە لوبنان و فەلەستین.

ئەمریکا وای دەزانی کە رووخانی بەعس دەرگا بۆ هەموو ناوچەکانی تر دەکاتەوە کە پێویستە گۆرانکاری تیا ئەنجام بدات، ئەمەش لای ئێرانێکان شاراوە نەبوو، بۆیە هاوکات کاریان بۆ سەرنەکەوتنی ئەو پرۆسە ئەمریکیە دەکرد لە رێگەی هاوپەیمانە کۆن و تازەکانیان. ئەو کێشە ئەمنی و سیاسیانەی لە عیراق هاتنە پێشەوە پاش رووخانی بەعس، ئەمریکای

سەرقاڵی چارەسەرکردنی کردبوو کە ڕۆژ بەرۆژ لە پەرەسەندندا بوو، ئەمەش زیاتر پاڵی بە دەسەڵاتدارانی ئێران دەنا بۆ بەیزکردنی هاوپەیمانانی لە لوبنان و فەلسەتیی. سەرکەوتنی حماس لە هەڵبژاردنەکان و بەهێزبوونی (حزب الله)ی لوبنان بەشێکی تری ئەو هەولانەی ئێران و هاوپەیمانی کۆنی بوو کە سوریایە. سوریا بێجگە لە کێشەکانی لەگەڵ ئیسرائیل کاری بۆ تێکدانی ڕەوشی ناو عیراق دەکرد، چونکە ترسێکی زۆری لێکەوتبوو لەو گۆرانکاریانەی ناو عیراق.

هەوڵ و سووربوونی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ گەشەدان بە بەرنامە ئەتۆمێکەی، کە ئەمریکا گومانی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لێدەکات، شەری ئەم دوایەی نێوان ئیسرائیل و (حزب الله) باشترین کەش و هەوای بۆ گەرانەوەی رۆڵی لە دەستچووی تورکیا لە ناوچەکە خۆشکرد. بوونی زلهێزێکی ئەتۆمی وەک ئێران کە خاوەن ئەو هەموو پەیوەندیە ستراتیجیانە بێت لە ناوچەکە، رۆڵی تورکیا زۆر کەمتر دەکاتەوەو هەموو زلهێزەکانی سەربازی و ئابووری جیهان ناچار دەکات مامەلەو سیاسەتەکانیان بەرامبەر ئێران بگۆرن. بوونی وڵاتێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی وەک ئێران لەناوچەکە مانەوەو رۆڵی ئیسرائیلیش دەخاتە ژێر مەترسیەوە کە تاقە هاوپەیمانی باوەرپێکراو و دۆستی دێرینی ئەمریکایە لە ناوچەکە.

هەرچی تورکیا بوو بەدوای ستراتیژیەتێکی تازە دەگەرێ بۆ کەمکردنەوەی ئەو رۆڵە لە زیادبوونەی ئێران لەهەمان کات چاوەروانی گۆرانکاریێکی تازە بوو لە ناوچەکە بۆ ئەوەی ئەمریکا ناچار بکات کە پەنای هاوکاری بۆ بەرێت. شەری نێوان ئیسرائیل و (حزب الله) دەکرێت خاڵێکی وەرچەرخان بێت لە پەیوەندێکانی نێوان تورکیاو ئەمریکا، وەدەکرێت ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەری ئەگەر بێتوو وڵاتی ئێران زیاتر رقبەرقایەتی سیاسەتەکانی ئەمریکا بکات و دەست نەکێشێتەوە لە پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمێکەی. ئەو رێکەوتنامەی ئەم دوایەی نێوان تورکیاو ئەمریکا کە ئەنجامەکەی بەشداریکردنی تورکیای لێکەوتەوە لەو هێزەی رەوانەی لوبنان دەکرێت، وە گرێدانی ئەو بەشداریکردنە بە چارەسەرکردنی کێشەی(پ،ک،ک) گەماروودانی کاریگەری گەورەی لەسەر باشووری کوردستان دەبێت. هاتنەپیشەوەی تورکیا لە ڕووداو گۆرانکاریێکانی سیاسی ناوچەکە وە پەسەندکردنی ئەو مەرجانەی تورکیا هەیەتی بۆ ئەو هاتنەپێشەوە فشاری زۆری تورکی بەدواوە دەبێت سەبارەت بە کێشەی کەرکوک و جۆری فیدرالی کوردی.

کورد نەک تەنها لە باشوور بەڵکو لە هەموو بەشەکانی تری کوردستان لە کاتێکی زۆر ناسکدا دەژێت، بەتایبەت پاش هەموو ئەو ئاڵۆزیەی ناو عیراق کە لەوانەیە ئیدارەی ئەمریکی ناچار بکات بەدوای هێزێکی ناوچەیی تر بگەرێت کە بتوانێت گۆرانکاری لە هاوسەنگی هێزەکان بکات. ئەو مەترسیانەی کورد ڕووبەرووی دەبێتەوە ئەمرۆ هەمەلایەنەو دەبێت بە شێوەێکی زانستی تاوتێبکرێت، چونکە لەرووی سەربازی و سیاسیەوە ناتوانێت وا بەئاسانی ململانێ لەگەل هەموو وڵاتانی ناوچەکە بکات کە بەرژەوەدنی سیاسی و ئابووری دەیانبەستێتەوە بە ئەمریکاو جیهان. هەموو فشارێک یان شکستێکی سیاسی ئەمریکا لە عیراق رەنگدانەوەی خراپی بەدواوە دەبێت بۆ سەر کورد و کێشەکەی، بەتایبەت ئەگەر بێتوو ئێران لەرێگای رێکەوتنامەێکی شاراوەوە هەموو کێشەکانی خۆی لە گەڵ ئەمریکا چارەسەر بکات. ئەمرۆ دەسەڵاتدارانی راستەقینەی ناو عیراق لەپاش ئەمریکا هێزە ئیسلامێکانن، ئەم هێزە ئیسلامیانەش لاوازی و بەهێزبوونیان گرێدراوی هێزی ئێرانە.

بۆردمانکردنی ناوچە سنوورێکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن هەردوو وڵاتی تورکیاو ئێران بە بیانووی راونانی هێزەکانی (پ،ک،ک) بەشێکە لەو فشارانەی هەردوو وڵات بۆ سەر دەسەڵاتی کوردی وە هەوڵدانە بۆ بەستنی رێکەوتنامەی تایبەت لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە لەگەڵ هەریەک لەم وڵاتانە بۆ دوارۆژێکی نادیار کە ڕووبەرووی ناوچەکە بۆتەوە. من لەو باوەرەدام کە دەسەڵاتی کوردی ئەمرۆ لەر هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە ڕوونکردنەوەو دڵنیایی هەیە لە لایەن ئەمریکاوە سەبارەت بە هەموو گۆرانکارێک لە ناوچەکە. ئەمریکا هەروەک هەموو وڵاتانی تری جیهان بەرژەوەندیکانی

بەلاوە گرنگترە وەک لە کورد و میلەتانی تر، بۆیە دەبێت ڕێکەوتنامەی ئاشکرا هەبێت لە نێوان کورد و ئەمریکا بۆ ئەوەی جارێکی تر سالآنی هەفتاکان دووبارە نەبێتەوەو بگەڕێنەوە خالّی سفر.

وهاب شاه محمد/سوید
Shah.wahab@gmail.com